# ئیعدام ئەدرەسێك بۆ ئێستاو بۆ ئاینده

رزگار عومەر
rezgar@dengekan.com

کاتێ " کەنعان مەکیە " کتێبی " دڵرەقی و بێ دەنگی " نووسی لەوە ووردتر بوو هێڵی کۆتایی ، یان سەقفێکی زەمەنی دیاری بکا بۆ کۆتایی توندو تیژی لە عێراق . ئەو لەو بڕوایەیە کە ئەم دیاردەیە مەودایەکی قوڵتری هەیە لە ڕۆڵی یەك فاکتەری سیاسی حوکمڕانێتی و ڕژێم . تێبینیەکانی ئەو زیاتر مانایان پەیدا کرد بۆ ئەو بارودۆخەی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە لە عێراق دروست بوو . میراتگرەکانی دەسەڵات کە بەناوی " ئۆپۆزسیۆنی عێراقی " کە 20 ساڵ زیاتر بوو لە تاران و دیمەشق و بەیروت و تەنانەت لە ئەورووپاش کەوتبوون ، بە پێچەوانەی کەیسی ئەمریکا بۆ شەڕی عێراق ، بۆ دیکۆریش ئەو ماتریاڵە نەبوون کە شتێکی تر بێجگە لە توندو تیژی و دواکەوتوویی بۆ عێراق پۆست بکەن .

بەشێکی بەرچاویان لەو ئۆپۆزسیۆنە بەروبوومی تەسفیاتی سیاسی نێو حیزبی بەعس بوون کە ناچاربوون لە دەیەی 70 و هەشتاکانی چەرخی ڕابردوو عێراق بە جێ بێڵن و بن بە ئەنتی سەدام ، بە بێ ئەوەی بای نووکە دەرزیەکیش تا ئەمڕۆ ڕەخنە لە ستراکتۆری پێکهاتەی ئایدەلۆژی بەعس بگرن . بەشەکەی تر کە حیزبی دەعوەو حیزبە شیعەکانی تر دەگرێتەوە ، بە هەموو ڕەنگە ئاڵۆ واڵاکانیان و جیاوازیەکانیانەوە لە یەك پرۆژەدا هاوبەشن ، پرۆژەی پۆست کردنی کۆپیەك یان سێبەرێك لە دەوڵەتی دینی ئێران بۆ عێراق . لەم کارەشیاندا دەست کەوتی گەورەیان بە دەست هێناوە ، بەڵگە نەویستیشە کە چەندە ئەمریکا نوقمی شکستەکەی بێ ئەوەندەی تر ئەوان لە سەرکەوتنی یەکجارەکی نزیك دەبنەوە ، سەرکەوتنێك پێش هەموو شتێك سەرکەوتنی ئێرانە بۆ بنیات نانی وجودێکی تر لە خۆی ، تا بتوانێ بەشێك لە گرەوە ئاڵۆزەکانی مانەوە لەو دیوی سنورەکانی خۆی کۆکاتەوە ، حیزبە دینیەکانی شیعەی عێراق ، شیعەی لوبنان لە شەخسیەت و ڕۆڵی حیزبوواللەدا لە ئەمڕۆدا پووخترین جێبەجێکەری ئەم ستراتیژەن بە کەیسی جیاوازدا.

پێش ئیعدام کردنی سەدام ، لە سێ ساڵی ڕابردوو بەشی زۆری فرۆکەوانە جەنگیەکانی عێراق کە لە شەڕی عێراق–ئێران بەشداریان کردبوو زۆر بە ئاسانی ماڵەکانیان دەست نیشان دەکراو دەکوژران بە ئاستێك کە پاشماوەی ئەو فرۆکەوانانە و ئەفسەرانی کەرتەکانیتری سوپا ناچاربوون پەنا بۆ جەلال تاڵەبانی بێنن بۆ پاراستنیان . شەڕی ئەهلی لە عێراق تەنیا بەروبوومی ئێستای ئەزمە سیاسیەکان نیە ، بەشێکی ژێرخانی ئەم شەرە ئەڵقەی دووەمی شەڕی عێراق –ئێرانە بە جیاوازیەکی بنەڕەتی لە ئەڵقەی یەکەم ، ئەمڕۆ ئێران لە نێو خاکی عێراقەوە بە ئاسانکاریەکی گەورەی لۆجستیەوە خەریکی تەمبێ کردن و سڕینەوەی هەموو ئەو توانایانەیە کە لە هەشت ساڵی شەڕی 80–88دەوریان هەبووە ، سڕینەوەیەك کە مەودا نەدات بە بە کارهێنانەوەیان لەلایەن ئەمریکا یان هەرحکومەتێکی تری عێراقی کە پشت لە ئێران بکا .

بەشێکی تری ژێرخانی ئەم شەڕە ساغ نەبوونەوەیەکی مێژووییە لە نێوان مەزهەبەکانی شیعە-سونە ی نێو ئیسلام . هیچ کامیان ناتوانێ بە بێ حەقی سڕینەوەی خوێناوی ئەویتر ئەڵگۆیەك و چوارچێوەیەك بۆ کۆنترۆڵی نوێنەرایەتی ئەم دینە دروست بکا . ئەم شەڕە لە مێژوودا لە سەر کورسی خەلافەت دەستی پێ کرد ، بەڵام لە مێژووی تازەدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سیاسەت و دەوڵەتە ئیسلامیەکانەوە هەیە کە بەسەر شیعەو سونەدا دابەش بوونە ، لە شیعەکانی بە حرێن و سعودیە بپرسە باسی ئەپارتایدی ئاینیت بۆ دەکەن ، لە سونەکانی تاران بپرسە باسی مەزهەب گۆڕینت بۆ دەکەن .

ئێران و سعوودیە دوو نمونەی زەقی نوێنەرایەتی ئەم شەڕەن لە گۆڕەپانی عێراقدا . گەنجەکانی سعودیە لەوێوە دێن خۆیان لە عێراق دەتەقێننەوە ، لە پەنای تانکی ئەمریکی نا بەڵکو لە قەرەباڵغترین بازاڕەکانی دەست فرۆشتن یان مەیدانی کاری کرێکارە شیعەکان . مغاویرە شیعەکانی وەزارەتی ناوخۆیی عێراقیش کە بەشی زۆریان کادری سوپای حیزبە شیعەکانی عێراقن بە کۆمەڵ گەنجی سونە ئەتەك دەکەن وسەریان دەبڕن . ئەمە مەیدانێکە ئامادەکاری زۆری بۆ کراوەو تاوانباری زۆری لە پەنا دایە ، تاونباری سەرەکی لە بوژانەوەی ئیحساساتی مەزهەبی و دینی :-

10 ساڵی گەمارۆی ئابووری بوو لە سەر عێراق کە بای 50 ساڵ ئەم کۆمەڵگایەی بۆ دواوە بردەوە . ئیدارەی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا ( بیل کلینتۆن ) ڕەنگە مەعقولتر لە جۆرج بۆش و ئیدارەکەی بێنە بەرچاو ، بەڵام ئەم ئیدارەیە تاونبارە بە لەت و پەت کردنی هەموو ئەو یەکانەی کۆمەڵگای عێراقی بە شارستانیەت و یەکە سیڤیلیەکان دەبەستەوە . حەملەی ئیمانی کە لە لایەن حکومەتی بەعسەوە دەستی پێ کرد ، بەبێ ئەو وێرانیەی گەمارۆی ئابووری سەرکەوتوو نەدبوو ، ئەم حەملەیە وەهابیەتی لە نێو سونەی عێراقدا بوژاندەوەو تیژی کردنەوە بۆ ئایندەیەك کە لە وولاتی " نازم غەزالی " قەسابی وەکو زەرقاوی خەڵك لە خۆی کۆکاتەوە .

ئەم زۆرانبازیە ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە شێوەی بەڕێوەچوونی دادگایی کردنی سەدام و دارو دەستەکەی ، بە ئیزافە کردنی یەك فاکتەری تر کە ئەویش کورد بوو .کوردیش بە سۆراغی ئەوە بوو لەم دادگایە سەهمێکی ڕەوای دەست کەوێ . دەستی نەکەوت چونکە ئەم دادگایە بە هیچ شێوەیەك بە سۆراغی ئەوەوە نەبوو تاوانی کۆمەڵکوژی جینۆسایدی کورد لە باری دان پیانانی دەستوریەوە یەك لاکاتەوە ، ئامانجی ئەم دادگایە خێرایی کردنی پرۆسەی هیچ دیموکراتیزە کردنێکی پێویستیەکانی کۆمەڵگە نەبوو ، ئەم دادگایە سیناریۆك بوو کە خزمەتی چەند ئامانجێکی بەڵگەنەویستی دەکرد ، وەکو :-

دەوڵەتی شیعەی عێراقی پێویستی بە جێگیر کردنی تۆقاندنێکی کەورەترو پڕ ڕەمزترە لە کوشتنی ئەو گەنجانەی کە ناویان عومەرە . سەدام کەورەترین ڕەمزی سیاسی نەیارە کە ئیعدام کردنی خزمەتی ئەم ئامانجەی دەکرد ، بۆیە دەوڵەتی شیعە لە عێراق وەڵامی هیچ فشارێکی نێو دەوڵەتی نەدایەوە بۆ ڕاگرتنی ئەم ئیعدامە ، ئەم دەوڵەتە نەیتوانی مامۆستای حاکم " ڕزگار ئەمین " قبوڵ بکا چونکە ئەو شێوەیەی ئەو دادگای بەڕێوە دەبرد زەلیل کردنی ڕۆژانەو تێکشکاندنی ئەو ڕەمزەی تیادا نەبوو . ئیعدام کردنی سەدام

بەو شێوەیەی کە لە کلیپەکە بەڕێوەچوو نامەیەکی سایکۆلۆژی کەورەیە بۆ ڕاهێنانی ٚ هاولاتی عێراقی بۆ مل کەچ کردن بۆ مەرکەزیەتی دەولەت و بۆ پاشماوەی ئەو هێزە بەعسی و سونیانەی کە نایانەوێ دیکتاتۆریەتی پێشوو لە بیر بکەن و دیکتاتۆریەتی تازەی شیعە قبولٚ بکەن .
ئەم ئیعدامە بەو هات و هاوارەی لە دەوری بە ڕێوەچوو وێنەیەکی کاریکاتۆری نیشان دا لەو نوخبەیەی کە زۆربەیان هەلبژاردە بوون لە هەیکەلی ئەمڕۆی حکومەتی عێراق  کە بلیتی ئامادەبوونیان پێدرابوو بۆ ئامادبوون لە دیمەنی ئیعدام کردنی تاونبارێك کە دەبوایە لە سەر پەتی سێدارەش وەلامی تەعلیقەکانی زەلیل کردن وتەعلیقە مەزهەبیەکانیان بداتەوە . سەدام تاونباریکی خوێناوی گەورەبوو چارەکە سەدەیەك عێراقی هاڕی ، بەلام ئەو نوخبەیە لە دەوری لاشەی ئیعدام کراوی ئەودا وەکو قەبیلەکانی جەنگەلٚ شێتانە سەمایان دەکردو هاواریان دەکرد " الله اکبر "  ئەگەر ئەم دیکتاتۆریەتەیان بە یەکجاری بۆ یەك لابێتەوە ، سێبەرێك لە ئێران لە عێراق دروست بکەنەوە ، لە ئایندەدا میهرەجانی کۆکردنەوەی خەلك و ڕەجم کردنی کچان و کوڕانی دلدار نەك تەنیا لە نەجەف و کەربەلا بەلکو لە بەسرە تا زاخۆ تاقی دەکەنەوە .

01-01-2007